عیراق بەرەو کوی؟

ن/ روجیر هاردی

و/ بەدەستکاریەوە/ م. هیرش محەمەد

وەك لە پیشتردا بینیمان عیراق وڵاتیکی خاوەن سیستەمی فەرمانڕەوای مەرکەزی و تارادەیەك عیلمانی توندرەو بوو. بەڵام گەر ئیستا شیعە مەزهەبەکانی عیراق لە پرۆسەکانی فەرمانڕەوای دا زاڵبن و بەرەو ئامانجەکانی خۆیان کاربکەن ئەوە ئەتوانن وڵاتیکی لامەرکەزی فیدرال بەڵام خاوەن شوناسیکی ئیسلامی بەرجەستەبکەن هەروەك لە ڕەشنوسی دەستورەکەدا هاتووە کە ئیسلام (یەکیکە) لەسەرچاوکانی یاسادانان و هیچ یاسایەك نابی دژایەتی بنەماکانی یاسای ئیسلام بکات، بەڵام لەهەمانکاتیشدا هاتووەکە هەریمەگان بۆیان هەیە خاوەنی یاسای خۆیان بن و چەند پاریزگایەکیش بۆی هەیە هەریم دامەزرینی.

دیارە هەموو ئەمانەش دەبیتە هۆی گۆرانیکی بنەڕەتی و بزواندنی هەستیکی ئایینی تایفی نەتەوەی زۆر چونکەکورد و شیعە مەزهەبەکان دەیانەوی دۆخەکە بگۆڕن، کوردەکان کاردەکەن بۆ پاراستنی ئەو دەسەڵاتە خۆبەریوەبەری کە هەیانە و تەنانەت هەولی پەرەپیدانیشی دەدەن کە دەیەیەکە خۆیان لە باکوری عیراق حکومی خۆیان دەکەن و خاوەنی فەرمانڕوای نەتەوەیین.

شیعە مەزهەبیەکانیش دەیانەوی سیاسەتی رابردووی فەرمانڕەوای عیراق بگۆڕن و خۆیان ببننە فەرمانڕەوای پلەیەك لە عیراق و کاریش دەکەن بۆ ئەوەی پشکیکی زیاتری سامانی نەوتی ناوچەکەیان دەست کەویت کە پیشتر پەراویز خرابون و ناوچەکانیان وەك کوردەکان ویران کرابوو. تەنانەت هەندی لەسەرکردە و پیاوە قەوییەکانی ئەو مەزهەبە دەخوازن هەریمی شیعە دامەزرینن و ئەم هەریمە ببیتە خاوەنی گەورەترین کیلگەی نەوتی لە عیراقدا. واتا ئەم جۆرە فیدرالیەتە کە کوردەکان وشیعە مەزهەبەکان کاری لەسەر دەکەن بوەتەهۆکاری تووڕەبوونی کەمینەی عەرەبی سوننە کەزیاتر لەناوەڕاستی عیراقدا جیگیرن و مەترسی ئەوەیان هەیە پشکی کەمی داهاتی عیراقیان دەستکەوی و ئاکامیش عیراق پارچەپارچە ببیت و ئەمان تووشی زیان بن لەوپارچە پارچە بوونەدا.

لەلایەکی تریشەوە حزبە علمانیەکانی عیراق بەکوردەکان و شیعە و سوننە عەرەبەکانیشەوە لەبەرامبەر ئەم بارودۆخەی عیراق نیگەرانن و بەبارودۆخیکی دژواری دەزانن و مەترسی ناسەقامگیریان هەیە. چونکە لەڕاستی دا ئیستا عیراق لە دۆخیکی تەواو جیاوازدایەو ئەو پیشتر تیکەلاوی و ژن وژن خوازی هەبوو لە نیوان شیعە مەزهەبەکان و سوننە عەرەبەکان دا و دیاردەیەکی ئاسای بوو . بەڵام ئیستا مەسەلەکە پیچەوانەیەو بەهۆی ئەو دیاردانەی کە ئاماژەمان بۆدا کیشەوناکۆکی مەزهەبی و تایفی هەیە و کیشەکان ئاڵۆزتر دینە بەرچاو و لە زۆر شوینی ئەو وڵاتەدا ژنان ناتوانن وەکی جاران بە سیفوری دەرچن و دەبی سەرپۆش و حیجاب بکەن لە ترسی تیرۆر و ڕفاندندا وتەنانەت ڕاپۆرتەکان لەو مەسەلەیەدا ئاماژە بەوە دەکەن کە لەهەندیناوچەدا و بەتایبەت لە باکوری ڕۆژئاوای ئەو وڵاتەدا دەسەڵاتەکان هاوشیوەی دەسەڵاتی تالیبانن وئەمەش لەلایەن توندرەوە سونەکانەوە زیاتر پیادە دەکریت وزیاتر دۆخی عیراقیان ئاڵۆزکردووە.

جگەلەمانەش دەراوسی سوننەمەزهەبەکانی عیراق بارودۆخەکە بەدژوار دەزانن و مەترسیان هەیە لەو فیدرالی یە لامەرکەزییەی کە خەریکە لەعیراقدا پیادە دەکریت. چونکە لەهیچ وڵاتیکی عەرەبیدا نەریتی لەو جۆرەی عیراق نییە و تا ئیستا سیستەمی لامەرکەزی سەرکەوتوو لە ئارادانییە . بۆیە مەترسیان لەوەیە ئەم سیستەمە نەتوانی ریرەوی خۆی بگری و وەك لوبنانی ساڵانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ کیشەوململانێکان توندبنەوەو سەرهەلبدەن و شەری ناوخۆی دروست بی.

لەمەشدا سوننەکان پییان وایە لە هەلوەشاندنەوەی عیراق و هەلگیرساندنی ئەو شەرەدا تەنها ئیران سودمەند دەبیت کە دەولەتیکی شیعە مەزهەبە لەناوچەکەدا. لەبەرامبەریشدا جۆرج بۆش مکورە لەسەر پابەندبوونی بەو خشتە زەمەنییەی کە دیاری کردووە بۆ مانەوەی هیزەکانی لە عیراق وملکەچ نابی بۆ فشارە دەرەکی و ناوکیەکان و سوورە لەسەر جیبەجی کردنی ستراتیژی دیاریکراو. بەڵام لەم هەلسەنگاندنەوە دەگەینە ئەوەی بلیین ئەو ستراتیژە دیتە دەست ئەگەر مەسەلەکان پیچەوانەی خواستەکانی ئەمریکا سەری هەلدا وەك ئەوەی کە ئیستا لە ڕەشنوسی دەستووردا هاتووە ئایە ئەم حالەتەواله ئەمریکا ناکات کەواز لە خواستەکانی بینیت بۆ دروست کردنی دیموکراسییەکی مۆدیرن کەسەرەتا بانگەشەی بۆ دەکرد و بەرنامەر ریژی کردبوو.

دەراوسی سوننە مەزهەبەکانی عیراق بارودۆخەکە بەدژوار دەزانن و مەترسیان هەیە لەو فیدرالی یە لامەرکەزییەی کە خەریکە لەعیراقدا پیادە دەکریت.

سەرچاوە BBC بەشی عەرەبی

لە نێوان تەسکیەی حزبی ودیموکراسیدا

شوان جەلال

یەکیك لەو فاکتەرانەی کە ڕەوشی وڵات ناتەندروست دەکات،تیکەل بوونی حزب و حکومەتە،بە تایبەتی ئەو تیکەل بوونەی بە شیوازیکی گشتگیرو هەمەلایەن بیت.

کاتیك باس لە دیاردەیەکی ئالەم شیوەیە دەکەین ئەزموونی چەوت ونارەیکی بەعسی فاشستمان بیر ئەکەویتەوە، کەوا بەعس و بەعسییەکان بە شیوازیك تیکەلی دامودەزگاکانی حکومەت بووبون دەکری ئەو ئەزموونەی بەعس ناو بنیین (ئاویتە).

تیکەلبوونی حزب وحکومەت بەو شیوەیەی کە باسمان لیوە کرد هۆکاری ریگە خۆشکردنە بۆ بە ئاراستە بردنی وڵات وحکومەت بە ڕووی گەندەلی ئیداری ومالی ورۆتین بە هەموو جۆرەکانیەوە، هەروەها توانای ئیرادەی حکومەت لە نیو کۆمەڵگادا لاواز دەکات وحکومەت بنکە فراوانی خۆی لە دەست ئەدات.

بە پیچەوانەشەوە جودا بوونەوەی هەر یەك لەو دوو دامەزراوە،واتە(حزب و حکومەت)و سەروەری حکومەت لە ئایدۆلۆژیای حزبی، سەنگیکی مەحەکی بۆ تەندروستی و کاری حکومەت،لە هەمانکاتدا متمانەو بنکەی حکومەت فراوانترو ئەستورتر ئەبی، چونکە لیرەدا حکومەت مولکی کۆمەڵگایە نەك مولکی حزب.هەر ئەم جودا بوونەوەش ئومیدی ئەوەی لیدەکریت کە ببیتە بەربەست لە بەرامبەر گەندەلی ورۆتین بە هەموو جۆرەکانییەوە..

ئەمرۆ لە هەریمی کوردستان بە شیوەیەکی لە ڕادە بەدەر تیك ئالاوەتە جەستەی حکومەت(هەردوو ئیدارەی سلیمانی و هەولیر)کە ئەمەش سەرەنجام ئەو تیکەل بوونەی حزب و حکومەت ئەو هەموو گەندەلی ورۆتینە کە بەرۆکی هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەریمی کوردستانی گرتۆتەوە. یەکیك لەو فاکتەرانەش کە حزب و حکومەتی تیکەل بە یەك کردووە(تەسکییەی حزبیە).

ئەمرۆ لە هەریمی کوردستاندا هاوڵاتی مافی دامەزراندن ونیشتەجیبوونی بە بی تەسکیەی حزبی دەسەڵاتدار(پارتی ویەکیتی)پی ڕەوا نابینری.

وەك ڕوون و ئاشکرایە لە دنیای مەدەنی ودیموکراسیدا هاوڵاتی وەك چۆن لە وڵاتەدا دەژی ئاواش مافی دابینکردنی ژیان ونیشتەجێبوون وکەرامەتی پارێزراوە لە لایەن حکومەتەوە بە بێ دەستێوەردانی حزب.خۆ ئێمەش ئیدیعای دەیەیەك زیاتر لە دیموکراسی بوونمان دەکەین!.بەڵام ئایا ڕەوایە لەم هەرێمەی ئێمەدا کە بە نێو دیموکراسیە،هەر کەس ویستی لە سەر وەزیفەیەك دابمەزرێ دەبێ ناسنامەی حزبی دەسەڵاتداری پێبێ(تەسکیەی حزبە وەك گوزارشت لە ناسنامەی حزبی)؟ئایا تەسکیەی حزبی ودیموکراسی یەك دەگرنەوە یان هێندەی دووری مانگ وزەویان نێوانە؟ئایا ملکەچکردنی خەڵك بۆ حزب لە بەرامبەر مافێکی سادەو ڕەوای خۆی،دەسپێکردنی یەکەم هەنگاو نیە بۆ گەیشتن بە ڕەوشی تۆتالیتاریەت؟ ئایا تەسکیەی حزبی قەڵغانێك نییە بۆ پاراستنی(تاك حزبی) ،(تاك دەنگی) ،(تاك ڕەنگی) ؟ئەی ئەگەر وانیە تەسکیەی حزبی ئەبێ چی بێ؟چ پاساوێك هەیە بۆ کارکردن بە دیاردەیەکی وەك تەسکیەی حزبی ئەگەر بۆ قۆرخ کردنی دەسەڵات نەبێ لە لایەن تاك حزبەوە.

ئایا لە کۆمەڵگایەکدا کە گوتاری تاك حزبی بالا دەست بێت هیچ مانایەك دەمێنێتەوە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی،کە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراسی تەواوکەری یەکترین؟ لە هەموو ئەو پرسیارانە گەڕێ بۆ یاریکەرانی ئەم گەمە سەقەت و دزێوە.

بەڵام من لێرەدا تێڕوانینی خۆم دەخەمە ڕوو، وەك لە سەرەتادا وتم، لە کۆمەڵگای مەدەنی دیموکراسیدا، مافی دامەزراندن و نیشتەجێبوون مافێکی ئاساییە و وەرگرتنی شتێکی ڕەوایە لەلایەن چینی دەسەڵاتدار، نەك دەسەڵات خێر بە خەڵك دەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ دەکات. لەم گۆشەنیگایەوە کاتێك هەر یەك لەو مافانەی ناومان بردن، بە خێری دەزانێت و لەبەرامبەردا دەیکاتە کەسێکی حیزبی، لە هەمان کاتدا باس لە دیموکراسی بوونی خۆی دەکات، ئەوا دیموکراسی جگە لە چەند وشەیەکی هەڵخەتێنەر و بریقەدار هیچی تر نییە.

تاك لە دەوڵەتی دیموکراسیدا کە جەوهەری جیهانە بۆ ئەوەی تاك داهێنەر بێت، دەبێت یاخی بێت بەڵام تەزکیەی حزبی نەك تەنها ڕێگای یاخیبونی داهێنەرانە دەگرێ بەڵکو دەیکاتە تاکێکی مل کەچ و بێ ئیرادە لە بەرامبەر فەرمانەکانی حزبدا دەبێ تاکێکی گوێ ڕایەڵ و بێ. لێرەدا تاکی کوردی وەکو ئەو تاکانەی نێو خێڵە دواکەوتووەکانی پێی دێ، بەردەوام دەبێ گوێگرو جێبەجێکەری فەرمانەکانی ریش سپی و سەرۆك خێڵ بێ. ئەم قسەیەش لۆژیکی خۆی لەوێدا دەبینێتەوە کە حیزبی کوردی سرووشتی خێڵەکییانەی هەیە و بە هەمان ئەقڵییەت بیر دەکاتەوە. ئەگەر لە هەموو دونیادا بەرپرسیارییەتی و دەسەڵاتدان لە دامودەزگاکانی حکومەتدا بە کەسی لێهاتوو چاك ڕەوا ببینرێ، ئەوا لە گەمەی سەقەتی تەزکییەی حیزبیدا پێوەر لێهاتوویی و چالاکی نییە، بەڵکو پێوەر ئینتماکردنە بۆ حیزبی دەسەڵاتدار، هەر ئەمەش وای کردووە لە دەزگاکانی حکومەتی هەرێم وەك جەستیەکی بێ گیانی لێ بێت. من دەزانم هیچ پاساوێك نییە بۆ هێنانەوەی بەڕووی تەزکییەی حیزبیدا، جگە لەوەی کە خیوبە دەسەڵاتدارەکان دەیانەوێت، بەو دیاردە ناشارستانییەدا، دەسەڵات قۆرخ بکەن،هیچی تر نییە.

ناکرێ ئەوەشمان بیر بچێتەوە کە ئامانجی هەر حیزبێکی سیاسی گەیشتنە بە کورسی دەسەڵاتە، بەڵام بە چ شێوازێك؟

لە سیستێکی دیموکراسیدا(لای ئێمەش بەناو ئەو سیستێمەش حوکم دەکات)، خەڵکی ملکەچی ویست و بەرژەوەندییەکانی حیزب نابێت، بەڵکو حیزب ملکەچی کۆمەڵانی خەڵك دەبێت، بەڵام کارکردن بە تەزکییەی حیزبی نەشیاو ڕێك پێچەوانەی سیستێمی دیموکراسییە کە لەسەرەوە باسمان کرد. خەڵکی ملکەچ دەکات لەبەرامبەر خیتاب و وبستی حیزب. لە کۆمەڵگای دیموکراسیدا بوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ چاودێری کردنی ڕەفتار و کرداری دەسەڵات، پێویستییەکی بنچینەییە. هەروەها دەسەڵات بۆ ئەوەی ئاراستەی کارکردنی نەگۆڕێ، بەلای تۆتالیتاریەتدا پێویستی بە چاودێری کردن هەیە.

بەڵام وەك وتم تەزکیەی حیزبی تەعبیر لە تاك حیزبی کۆمەڵگا دەکات، ئەوا نەك دەرفەتی بۆ بوونی ڕێکخراوو سەندیکای چاودێری کردنی دەسەڵات نامێنێتەوە، بەڵکو گەر بوونیشیان هەبێ، ئەوا لەلایەن دەسەڵاتەوە ئەوانیش قۆرخ دەکرێن و دەیکەنە بەشێك یان پاشکۆی حیزب، ئەمەش دەقاودەق لەم هەرێمەی ئێمەدا وجوودی هەیە. بە کوردی تەزکییەی حیزبی گەمەیەکی چەوت و دزییەوەو کاتێك دەڵێن ئێمە دیموکراسین هیچ پاساوێك بۆ ئەو تەزکییەیە نامێنێتەوە، هەروەها تەزکییەی حیزبی دژی هەموو پرنسیپەکانی دیموکراسی و بنەماکانی مافی مرۆڤە، چونکە مرۆڤ ملکەچ و بێ ئیرادە دەکات، هەر بۆیە لە بەر ئەم هۆیە، کۆمەڵگایەکی نادرووست بەرهەم دەهێنێت.

خاڵی پشکنینی دەباشان شەرمەزاریە بۆ تۆ

عەلی حەمە ساڵح قادر

چەند ڕۆژێك لە مەوپێش هاوڵاتیەکی دانیشتوی هەولێر لەکاتی گەڕانەوەیدا لە سلێمانیەوە بۆ هەولێر . کەگەیشتە خاڵی پشکنینی دەباشان پۆلیسێکی هاتووچۆ ئۆتۆمبیلەکەی وەستاندو داوای مۆڵەتی شۆفێری و سەنەوی ئۆتۆمبیلەکەی لێ کرد ، هاوڵاتیەکەش سەنەوی یەکەی پێ داو پێی گوت مۆڵەتی شۆفێرییەکەم کەنەدییە (واتا لە کەنەدا مۆڵەتی شۆفێری بەدەست هێناوە) پۆلیسەکە سەیری مۆڵەتی شۆفێرییەکەی کرد وەکو کەسێك کە هیچ خوێندەواری نەبێت، هەر ئەم دیودیوی دەکرد و لێی تێ نەئەگەیشت و نەی ئەزانی ئەمە چییە؟ بەڵام بەداخەوە لە وڵاتی ئێمەدا پۆلیسەکانی هاتووچۆ زانیاریەکی تەواویان نیە تابتوانن مۆڵەتی شۆفێری وڵاتانی تر بناسنەوە و لێی تێبگەن، لەکاتێکدا ڕۆژانە کە بەدەیان خەڵکی بیانی بەخاڵی پشکنینەکاندا تێ دەپەڕن . دووبارە پۆلیسەکە سەیری مۆڵەتەکەی کرد و بەتەماشاکردنێکی گاڵتەجاڕانەوە ووتی : بۆچی مۆڵەتی شۆفێری کەنەدی لێرە هەڵدەگریت . ئایا نازانی ئەمە شتێکی نایاساییە لێرە؟

شۆفێرەکەش لەوەڵامدا ووتی من هاتوومەتە کوردستان بەم ئۆتۆمبیلەی خۆمەوە وە من تەنها کەسێکم کەشارەزاییەکی باشم هەی لە شۆفێری دا ، ئەویش پێی ووتم دابەزەو بچۆ ئەو ئەفسەرەپلەدارەببینە، شۆفێرەکەش ئەم کارەی بە ئەنجام گەیاند بەبێ هیچ دوو دڵی یەك، لەکاتی بینینی ئەفسەرە پلە دارەکەدا هەندێك پرسیارم ڕووبەڕوکرایەوە وەکو ناوکەم و هەندێك زانیاری دەربارەی کەسایەتیم، ئەمەش وای لێکردم کە هەست بەوە بکەم کە من تاوانبارم وکەلەڕاستیشدا وانی ، ئەوان ووتیان ئێمە ئۆتۆمبیلەکەت لەلای خۆمان دەهێڵینەوە ئێوەش دەبێت بەتاکسی بچنەوە بۆ ماڵ منیش ئێستا نە وەڵامم دایەو پێم ووت کە هیچ تاکسیەك لە سلێمانیەوە ناچێت بۆ هەولێر کە دووری نێوان (٣) کات ژمێر ئامادەم کە لەناو ئۆتۆمبیکەمدا بنووم لەسەر ئەو ڕێگایە چونکە من تەنها بەس خۆم نیم لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا بەڵکو خێزانەکەشم لەگەڵدایە کە پێکهاتوون لە کۆرپەلەیەکی (٢٠) ڕۆژەو دوولاوی تازە پێگەیشتوو لەگەڵ پێرەمێردێکدا ئەفسەرە پلەدارەکەش پێی ووتم ئەگەر تۆ ئۆتۆمبیلی کرێ بگریت یان ئەوەکێشەی خۆتەکێشەی ئێمە نیە.

منیش پێم ووت کە هەموو سنورەکانی ئەمریکام بڕیوە هەموو کاتێك بەم مۆڵەتە کەنەدیەوە بەبێ هیچ کێشەیەك توانیومە لێبخورم ، بۆچی لێرە کێشەیە؟ شۆفێرەکە زۆر نیگەران بوو وهیچ ڕێگا چارەیەکی نەما ، بەڵام ویستی تەلەفۆن بۆ خزم و هاوڕێکانی بکات کە بێن بەهانایەوە بۆ دەربازکردنی خۆی و ئەندامانی خێزانەکەی. هەر لەوکاتەدا ئەفسەرێکی پایە بەرز تر دەستی کرد بەگفتوگۆ کردن لەگەڵمدا و ویستی لە کێشەکە تێ بگات کە زۆر لە ئەفسەرەکانی پێشوو باشتر بوو لەگەڵمدا کاتێك کەزانی م خێزان و منداڵێکی بچوکم لە گەڵدایە پێ ووتم لەبری زەوت کردنی ئۆتۆمبیلەکەت بڕی (٧٥) هەزار دیناری چاپی نوێت لێ وەر دەگرم منیش ڕازی بووم، زانیم کەپارە دواین شتە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە لە کاتێکدا کۆرپەلەکەم هەنسکی گریانی دەدا لەبەر تیشکی خۆر، ئەو خەڵکانەی کەتێ پەڕ دەبوون، بەلامانداا تەماشای ئێمەیان دەکرد، وەکو ئەوەی کە کارێکی تێك دەرانەمان بە ئەنجام گەیاندبێت . منیش بەم ئەفسەرەم گووت بۆ چی ئەفسەرەکەی پێشووتر داوای پارەی لێ نەکردم تا دەرباز بوومایەو ئەوەندە چاوەڕێم نەکردایە لەم گەرمایەدا.

ئەویش هیچ وەڵامێکی نەبوو!

لەکاتێك بڕەپارەکەم دا بە ئەفسەرە پایەدارەکە یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەم کە کچێکی عازەب بوو لەگەڵمدا بوو لە ئۆتۆمبیلەکەدا ، تێبینی ئەوەی کرد کە یەکێك لە ئەفسەرەکان بە مۆبایلی کامێرا وێنەی گرتووە بەشێوەیەکی نهێنی کەکچەش منی ئاگادارکردەوە لەڕەفتارە ناپەسەندەکەی پۆلیسەکە ئەو ئەفسەرەی کە بڕەپارەکەم پێ دا بەم کێشەیەی زانی و ڕۆیشت بۆلای ئەو پۆلیسەی کەوێنەکەی گرتبوو بە مۆبایل. مۆبایلەکەی لێ وەرگرتوو سەیری ناو مۆبایلەکەی کرد و دوو وێنەی کچەکەی لەناومۆبایلەکەدا بەدی کرد . کچەکەش زۆر نیگەران بوو بەم ڕەفتارە ناپەسەندەی پۆلیسەکە . ئەفسەرە پایە بەرزەکەش پۆلیسەکەی بەدیل گرت و بردی و بۆ بنکەی پۆلیس و داوای لە شۆفێرەکە و ئەندامانی خێزانەکەی کرد کە لەگەڵیدا بچن بۆ بنکەی پۆلیس بۆ دەربڕینی سکاڵا لە دژی پۆلیسیەکە. لەو خاڵی پشکنینەدا منیان وەستاند کە گوایە یاسام شکاندووە کەلەڕاستیدا وانەبوو، سەرۆکی پۆلیسەکان لەو خاڵی پشکنینەدا ڕووی کردە من و ووتی: تۆ یاسا شکێن نەبوویت بەڵام پۆلیسەکەی ئێمە یاسای شکاند و لەپلەوپایەی خۆی کەم کردەوە ئەو پۆلیسەی کە وێنەی کچەکەی گرت سزادرا بەمانەوەی لە بەندیخانەدا بۆ ماوەی چەند مانگێك وە پیشەکەی خۆی لەدەست دا بۆ هەتاهەتای.

تێبینی / لە ڕۆژنامەی (گڵۆپ)ەوە وەرگیراو

پێکەوەنانی حکومەتی کوردی ئارەزووی میللەت بوو

ئاری جەلال مەسۆی

دوای ئازادی و دوای پێکەوەنانی حکومەت و دروست کردنی پەرلەمانی کوردستان میللەتی کورد لێوبەبزەو دەم بە پێکەنینەوە چووبەرەو ئازادی وژیانێکی پڕلە دیموکراتی بەڵام سەدمەخابن میلەتی کورد دووبارە تووشی کوشتن و بڕین هات و ماڵوێرانی ڕووی کردە ماڵەکانی کورد بە ئاژەوە نانەوەو دروست کردنی دووبەرەکی لە نێوان کورد دا . کە بووەهۆی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆی دەتوانم بڵێم ئەو ڕۆڵانەی لە ناخۆدا کوژران زۆر لەوانە زیاتربوون کە لەدژی ڕژێم کوژران. ئەمە بەردەوام بوو ڕۆژانە ماڵ نەبوو کوڕی وبرای و پیاو باوکی.. هتد نەکوژرێت و شار نە هۆرژێت و عازیت باری تێ نەکەوێت ئەوەندە قەتڵوعامی زۆر دەکرا کوشتن و بڕین زۆر ئاسای بوەوەلەناو خەڵکدا . ئەمە سەرەڕای ئەم هەموو دەردە سەریە بە سەر کوردا هات جارێکیان لەسەر وشەی (کەرکوك قودسی کوردستانە یان دڵی کوردستانە) بەسەدان کەس دەکوژرایان لە سەر بڕیاری دوو سەرکردەکە بۆ کورسیەکانی خۆیان و دوور لەبەرژەوەندی میلەت نەوەی ئەم خاکەیان دەدا بە کوشت بۆ ئەوەی هێزی بازوی خۆیان تاقی بکەنەوە بە پاڵپشتی دووژمنانی کورد کە جارێ تورکیا و جارێ ئێران و جارێ عێراق زۆر جار سوریا کەیارمەتی کۆمەڵی پیاوکوژ و جەردەو لە خۆیای و لەژیان یاخی دەدا بە هاری کاری ئێران کە کۆسپێکی گەورە بوون لە ڕێگای میلەتی کوردیان لەسەر خاکی پیرۆزی هەولێر سەدان ڕۆڵەی چاوگەشی ئەم خاکە دەکوژران بالەوە گەرێین با باسی کوردستان تالان کردن و وێران کردنی ئەم خاکە بکەین. کە چۆن وردە وردە بەرەو وێران بوون و کاول بوون دەچێت. دوای پرۆسەی ئازادی و دوای ڕووخانی دیکتاتۆریەت کورد هەستی دەکرد کە لەئازادی و سەرفرازی نزیك بوەتەوە بەڵام چ ئازادیەك نزیك بوونەوە لەچی نزیك بوونەوە لەوەی کە دوای هەژدە ساڵ دامەزراندنی حکومەتی کوردی وا لەمیلەتی کورد بکات دەست بداتە خۆپیشاندان و (مزاهەرە کردن) و بەرد فڕێدان بە ئەو حکومەتەی کە ساڵە های ساڵە کورد چاوڕوانی دروست بونێتی ، ئەگەر ئەمە چەوسانەوەو دزی و ڕاوڕووتی سەرکردەکان نییە بۆ مافی میلەتی پێشێل دەکرێت بۆ میلەتی ڕۆڵەکانی خۆی بیداتە بەر گوولە و براو کەسوکارەکانی خۆیان بکوژن ئەوەندە بیر لە دزی و ڕاو ڕووتی و پارە خواردن دەکەنەوە تۆزێ بیرلەم میلەتە هەژارە بکەنەوە. چونکە چیدی دڵنیتان دەکەمەوە ئەم میلەتە کە ئێوە سەرپەرشتی دەکەن و توانا و سەبری بەسەر چوو دایکی شەهیدان و کەسوکاری ئەنفالەکان و شەهیدەکانی هەڵەبجەو دڵە ناسکە هەڵ خەڵە تاوەکەی ئەو سایان نەماوە دلیان بوە بە بەرد لە ئاستان. بەسە و ڕاوڕووت بائێوەش نەکەونە بەر نەفرەت و شقی میلەت چونکە نەك ئێوە هیچ هێزێك نییە لە دنیادا بەرگەی نەفرەتی گەل بگرێت . بەسەر ئێوەش بەسە شوێنی گەرم ونەرم بێنە ناو میللەت و بزانین دەردو ئازارێکیان هەیە تیماری بکەن. ئەم میلەتە هەژارە هیچی ناوی غەیری ژیانێکی ئاسوودەو هێمن نەبێت بەڵام کە تۆ کارەباو ئاوت لێ بڕی و شەقامەکان و شارەکان بەرەو کاول بوون وێرانی بڕۆن و چاك نەکرێنەوە و ئاوڕ لە گەل نەدرێتەوە ئیتر ئازادی چی و ئاسوودەی چی بۆیە دەڵێم چاك بن بەسە بەس ئێوە بەرگەی شەق و توڕەیی میلەت ناگرن.